مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی حەوتەم  ژمارە(١١٨) ٢٥/ ١١/ ٢٠١٠
بەکاتی شەڕە پۆستی وەزاری

**118**
ژمـــارە



**مارشی ڕۆژنامەنووسی**
**کاریکاتێری فەرەیدوون هاوار..ل٢٥**

www.gep-media.com   Email:www.gepgovar@yahoo.com   سوبعەت تاسەر ئێسقان




کاریکاتێر:
خضير حميري

**حوکمەتی نوێ تەشکیل بوو.. عێراق ئەمانی دەوێ.. میللەت وەها تاساوە..مووچەو لەفافی دەوێ؟**
**جا نۆرەی پۆستەکانە.. ئەویش نۆ مانگی دەوێ.. بەعزێ کوتلەی چوارکەسی.. پۆستی سیادیی دەوێ!**
**دوێنێ یارو ئەمڕۆ یار.. موسڵ و جەلەولاو شنگار.. سەرژمێری لای چاوڕەش.. یەکێ دەکات بە هەزار!**



غەڵبەغەڵب

# سەرژمێری و ژمێریاری

محەمەد قادر

سەری هەموو لایەک ساغ و سەلامەتبێ و سەربەرەو خێربێ ئینشائەڵلا، ماوەیەکە باسوخواسی ژماردنی سەرەکان هاتۆتە ئاراوە، بەڵام تائێستا دیارنییە ئەو سەرانە چ نەوعێکن ! ئایا سەری بێ ڕزقن، یاخود سەری بێ سەودا! سەر زلن یا سەرخڕ یا سەرپان؟! ئایا ژمادنەکەش هی تەزبیحە یا هی گوێز ؟! ئەگەر مەبەستیشیان لە سەرژمێری پرۆسە بێت، حەتمەن ڕێ وشوێن و کات و زەرف زەمان و ترۆتفاقی خۆی دەوێ ، نابێ مافی هیچ سەرێکی تیا بخورێ و سەر لە هیچ سەرێکیش نەشێوێنن ، پاکو تەمیز وەکو یاری 21 ئەبێ ژمارەکان کەشف بکەن، ئەگینا ئەو سەرە سەری خۆیان نییەو بە زیادەخۆری دەستەکەیان دەسوتێ!

بەڵام حاشا وەلحزور پەرژینێ قایم بێ ئەگەر ژماردنی چەند سەر مەڕێکە، ئەوا شاندو پسپۆر و نوێنەری un ی ناوێ و شوڵکێکی تەڕ بدەرە دەست شوانێک، وەزعەکە عیلاج ئەکات! بەڵام با لە سوبعەتی دەرکەین ، ئێژن لە هەندێ شاری عێراقدا هێشتا دوو کارمەندیان بۆ ئەم مەبەستە دانەناوە! لە هەنێ جێی کوردنشینیش بە لێشاو ڕانە سەری عەرەبیان بۆ هاوردە دەکەن! هەندێکش ویستیان خانەی نەتەوەی لێ بقرتێنن و بە یەک چاوی ڕەشی عەرەبییەوە نەزەرمان بکەن! مەجموعەیەکیش پێیانوایە سەرژمێری جەنگی نەتەوەکانە! گۆڤاری (فورین بولیسی)ی ئەمریکیش بەهەموو عەقڵ و ماریفەتێکیەوە دەڵێ : سەرژمێری خەتەرە بۆ سەر ئیستیقراری عێراق!

بەڵام بەم مشتومڕو چەلەحانێ زۆر و بێتامەی لەسەر سەرژمێری دەکرێ، خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە هێشتا عێراق نەگەشتۆتە ئەو نەزاهەت و دیموکراسییەتەی تەپڵەسەر و پشتەسەر و سووچەسەری پێ جیابکرێتەوە ! یان ئەوەتانێ خەڵکەکەی وەختی خۆی لە خوێندنی ئامادەییدا هەموویان بە لێشاو خۆیان کردووە بە (ئەدەبی) دا و(عیلمیی)ان بۆ ئەنیشتاینی ڕەحمەتی چۆڵ کردووە! بۆ نەگبەتی داهاتووی ئەم وڵاتەش بە منداڵی نەنە حەبێ و میمکە ئەمنە زیرەی نەداونەتێ، تومەز بۆیە لە ماتماتیکدا کۆڵن و سەرژمێرییان پێ ناکرێ!

خۆ ئەگەر مەسەلەکە ژمێریاری بووایە، ئەوەندە ئازادەبوون نەک بەقەد دانیشتوانی عێراق ، بگرە بەقەد دانیشتوانی چین و هندستانیش بووینایا تەزبیح ئاسا چۆن بامێ و هەنجیری وشک بە پەتا دەکەن بۆ زستان ئاوها دەیانژماردین!

سەرکاتێر

پەروەر





ڕەوف حەسەن
rauf1945@yahoo.co.uk
Tel: 0770 153 63 97

# لاپتۆپەکەم نافرۆشم!

برادەرێکی ئەندام پەرلەمانەو نووسەریشە، لەم ڕۆژانەدا کتێبێکی لەمەڕ تەصریحاتەکانی خۆی لەو خولەی لە پەرلەمانی عیراقدا بڵاوکردەوە، بیگومانمو سێبەشەشیش تەلاق دەخۆم ئەمەی بۆئەوە چاپ نەکردووە بخوێندرێتەوە، بەڵکو هەر بۆ ئەوەبووە لە بەرگی دواییدا وێنەیێکی ڕەنگاوڕەنگی گەورەی خۆی لەکاتی نووسیندا بڵاوکاتەوە. پاندانێ لەنێو قامکەکانیدایەو، دەنووسێو خێسەش دەکات!

دووسێ هەزار برادەری دیکەم کە سەرنووسەری گۆڤارو بڵاوکراوەن، لە هەموو ژمارییێکدا وێنەکانیان بە ملەووەنیو، قەڵەمجاف بەدەستەوەو لەکاتی نووسیندا لە لاپەڕەی یێکەمدا دادەنێنێنو هەرهەمووشیان خێسەدەکەن!

کاتی خۆیشی چیرۆکنووسێکمان بە ناونیشانی (قەڵەم) چیرۆکێکی جوانی بڵاوکردەوە، جا نازانم قەڵەم ڕەساسبوو یان جاف، یان پاندانی مەرەکەب؟!

ئەوسا واباوبوو نووسەرانی بەرەی میللەتو خاوەن هەڵوێستەکان بەدزییێوەو بەئاشکراش دەیانوت: قەڵەمەکانمان نافرۆشین.

جارێ حەزدەکەم پرسیارێ لەوانە بکەم لە وێنەکاندا قەڵەم بەدەستن، ئایا لەبری ئەو قەڵەمجافە، بە ئووچێکی قامیشەوە. یان بە پەڕی تاوسێ، یا هەر باڵندەیێکی دییەوە وێنەکانیان دابنایە جوانتر نەبوو؟!

تۆ لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) سەجادیدا سەیری وێنەی مەولەوی شاعیر بکە، بێئەوەی شیڤەرزو تیکۆو جافو لاپتۆپو ماوسو ئنتەرنێتو کلیکی هەبێت، بەخۆیو ئووچەکەی دەستییێوە چەن بیرمەندانەو شکۆمەندانەو ڕەنگوڕوو خۆشو بە عیززەتی نەفس دیارە، ئەی کاکی کۆنە پەرلەمانتارو، ئەی سەرنووسەرانی گۆڤار. لە دەیەمینساڵەی هەزارەی سێیەمدا تازە بەتازە بەقەڵەم دەنووسنو خێسەشمان لێدەکەن! عەیب ناکەن؟

بەشبەحاڵی خۆم بەم کۆنەخوازییەی خۆمەوە کە شەیدای ئووچە مەزنەکەی مەولەویو خانیمو سەرم قۆچکەتاش دەکەمو نازانم جێڵ بەکاربێنمو...تد، کەچی دوانزە ساڵ زیاترە قەڵەمم بۆ ئیمزای نارەزایی دەربڕینو خەت بەژێرداهێنانی ئەو هەڵە زمانەوانیو ڕێنووسانەی ڕۆماننووسانو سەرنووسەرانمان تێیکەوتوون، بەکارم هێنابێ. دەنا هەر بە کۆمپیوتەر دەنووسمو بە ئیمەیلیش بۆ بڵاوکردنەوە دەینێرم.

ئەی باشە.. بۆ ئەوانەی ئەدەبی بەرگرییان دەنووسیو ئامادە نەبوون قەڵەمەکانیان بفرۆشن، بێگومان قەڵەمەکانی هەموویان وەک ئەداتی نووسین چوار عانەی قەڵبیان نەدەکرد، ئەی لەمەودواش هەر سوورن لەسەر بەکارهێنانی هەمان وشەو هەمان ئیدیۆم؟! بێگومانم ئەوانە لەوە هوشیارترن بەو ڕستەو چەمکانەوە پابەندبن. چونکە دەزانن ئیدی قەڵەم بەواتا ڕۆحییەکەیشی پارە ناکات. بۆیێ لێرەدا ئامۆژگارییەکی حەزارییانەو (IT)یانەی هەموو ئەو خوشکو برایانە دەکەم کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنو نارازی دەزاننو، تاوەناتاوێ لەسەر بەشە (غەنائیم) قوشقی دەبنو، هەموو ئەوانەش خۆیان بە خاوەن هەڵوێست دەزانن، لەبری ئەوەی بڵێن (قەڵەمەکەم نافرۆشم) وا چاکە بڵێن: ئیدی کلیکەکەم نافرۆشم! یان ماوسەکەم نافرۆشم! یان مەزەر بۆردەکەم نافرۆشم، یان فلاشمێمۆرییێکەم نافرۆشم!...هتد، لێ ئەگەر مشتەرییەکی باشتان لێهەڵکەوت نەخڵەتابن بڵێن لاپتۆپەکەمان نافرۆشین! چونکە خوا پەکناخاتو، هەر تاوەناتاوێ یێکێ لە حیزبەکان لاپتۆپی بەرزەمۆدێل بۆ نووسەران بە خەڵات دەنێرن!

GEP
Karikatur Magazeen
No:118 25th November 2010
www.gep-media.com
Axecutiv Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

باقی وەسەلام



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

# گەردن و ئازادی

ئەم گەردن و ئەم ئازادییە بووەتە عادەتێکی جەژنانەو وەک عەفوعامێکی لێ هاتووە ..گەردنەکانیش ئەنواعیان هەیە و گەردن هەیە فایلەکەی فوولە لە خەتی سوور و شتی قۆڕو خەتەر، وەلێ لە جەژنەکە بە یەک تەوقە ئازاد دەکرێ....

• گەردن هەیە سیاسیە، وەک گەردنی ئەو ساحێب ئیمزایانەی بە نیازی موئامەرە ئەکرێن ...

• گەردن هەیە دەسەڵاتە، سنگی پڕە لە مەدالیای وەعدو قسەی کوێستانی و بەهاری، هەتا ئەو خۆی پڕ دەکاو دەبێت تۆش بەبەتاڵی وەڵامی بدەیتەوە ...

• گەردن هەیە بە کورسییە، حاشارێژو واستە ڕێژ کراوە و بە مەنفەعەتی شەخسیەوە ئەلەرێتەوە..

• گەردن هەیە تجارییە، بە شان و مل و سنگیەوە گرانی و ئێکسپایەری دەبریسکێتەوە، لەگەڵا یەک تەوقە کردنا داوای عەفوعام ئەکات....

• گەردن هەیە خەدەمییە، بە پرۆژەی نیوەچڵ و قیری هەڵوەشاوەو تەندەری وەهمیەوە، خێرخوازانە ناز ئەکات بەسەر موبارەکی جەژندا...

• گەردن هەیە تەڕە .. وەک پارەی وشکە ساڵی، دوای خواردنەوەی بیبسیەک ئەبێت ئازاد بکرێت ...

• گەردن هەیە داپۆشراوەو بە حیجابە، وەک ئەو میزانیەیەی حەرامە غەیرە نەزەری بکات...

• گەردن هەیە شان و مل رووتە، وەک ئەو وەعدەی کەس خۆی بەساحێبی نازانێت ...

• گەردن هەیە پیرە، وەک ئەو گەردنانەی کەس حسابییان بۆ ناکات، هەشە ناسکە وەک ئەوانەی ڕۆژانی عوتڵەش ئەمری تەعینیان بۆ دەرئەچێ ...

• گەردن هەیە شانسی فوولە و کەس هیچی پێوە نابینێت، هەشە بەدبەختە قردێلەیەکی پێوە بێت لێی ئەکەن بە تەیارەیەک...

• گەردن هەیە بەرزە بێ ئەوەی خۆی داوا بکات هەرچی ئەیبینێت ئازادی ئەکات، هەشە بلوورییە، بە واستە ئەچن بۆ لای هەتا ئەو گەردنیان ئازاد بکات....

• لە هەمووی سەیر تر گەردن هەیە ئەوەندە فەقیرو نەگبەتە هیچی نەکردووە کەچی داوای ئازاد بوون ئەکات، هەشە خۆی هیچ عەفواتێک شمولی ناکات کەچی گەردنی خەڵکی تر ئازاد ئەکات ....



کاریکاتێر
سالم سەلیم
بێ توانج